# فەتواکانی شێخ زانا

## [مورتەدیکی خوێن حەڵاڵ]

بێ پەروا بە.. چاوت داخە.. شەقت هەڵدە.. سەدەقەیە

گەر چواردەور.. کافرو بێ دین بێ..هەر موستەهەقیلەقەیە.

شمشێر بادە بە چوار لادا.. شەلم کورم مەپارێزە

ماڵ بەرکەوت بەهەشتییە، باقی بێ خواو زەندەقەیە.

بێ ترس بە لە دوای شمشێر.. ئەدای زەکەر بخەرە کار

کچو ژنی پیاوی مورتەد.. ئیختیساب کە.. غەنیمەیە.

کۆ مەکە لەغولام و لوس.. لەرێی خودادا حەڵاڵە

لەگەڵ مەیو بەنگ و تلیاك.. بۆ مەی.. بەهەشتی بیمەیە

گەر موسحەف توێ توێ بگەرێی.. سورەی نییە بێ زۆر نەبێ..!

من چونکە پەروەردەی ئەوم.. زەبرو زەنگ پیشەی بەندەیە

بەرەزا.. نیکاح موتعەیە.. گەر نا.. زۆرت بخەرە کار

خێری زۆرە.. یەك بە هەزار..خواش لەگەڵ ناو لنگ زەدەیە

سەربرین قەساسی خوایە.. بروانە حوکمی شەریعەت..!

لەتلەت کردن.. لە سەلیب دان.. لە مائیدە بەرجەستەیە

دزی بۆ ئیمدادی جیهاد.. پاداشتی لەلای خودایە

درۆ بۆ گۆلدانی مورتەد.. دەنگی زەبورە.. بەستەیە..!

گەر خەمیئێوە.. وڵاتە.. ئەوا لەلای من( پەشم)1 ێکە

گەل پەروەری لام ئیشراکە، مرۆڤ لام مشکی( ئەزمە)2یە

گەر هاوڵاتی ئێوە کوردە.. ئەوا هی من خۆکوژێکە

با کوردستان بۆ ئێوە بێ.. وڵاتەکەی من جەنەیە..!

خیانەت لەم کافرسانەدا.. ئەمەکدارییە لە بۆ خوا

بەغەدر کار مەیسەر دەبێ بۆ غایەمان وەسیلەیە

گەر ئەتانەوێ بزانن چۆن مامەڵەی مورتەد ئەکەین

خێر لە گەڵیدا هەر شەرە شەریش دژی فەزیلەیە..!

کێ ئەڵێ فعلچی ئاوا.. هەرگیز بە بەهەشت شاد نابێ

من ئەڵێم ئەم کردەوانەم.. بۆ بەهەشت مۆری ڤیزەیە..!

دەرگای فردەوس ئاوەڵایە بۆ پیاوانی خۆم ئاسایی

ئەوێش پر لە حۆری و غیلم و پیاوانی دەست بەنێزەیە..!

هۆ خەڵکینە: ببورن لێم.. کە دڵرە قم بەرامبەرتان

من شەیدای مەیی گوڵرە نگم بێشك لەو دنیا جۆگەیە

بە (بۆتگە)3م بۆ حەفتا حۆری زەحمە تە رەشمەی خۆم بگرم

سەری خەڵکە بەردەبازی هەر کەس نەشەیئەو بەنگەیە

خوێنرێژی.. رژێمی کەونە ئەگەر بروانیتە مێژوو

هیتلەر.. سەدام ..مۆسۆلۆنی.. نەوەو جەنگیز نمونەیە

ئەوان لە بۆ دنیایان کرد گەر وەکو من بۆ خوا بوایە

لەو دنیا پێکمان لێک دەدا، عەدەن بۆ باخوای( گونە)4یە

گوێ مەگرن لەقسەی موفتی.. چاپولوسی رزق پەروەر

زمان حاڵی ئیسلام پیاوی بوێرو راستگۆ (فرغە)5یە

ئەوەی دەم لە ئاشتی دەدا.. چنگ بەندی ریخی دنیایە

فەتوای قوقەو جبەی پەرو سەرومەندیلی پۆپنەیە

شمشێر.. برەوی بە مە دا لە ئەندەلوس تا رۆخی چین

هەرکەسی مایلی 6(پەیف)ە.. بێ بروا بە خواو و (هەرزە)7یە

رێکەوتنی کفرو ئیمان تاراوە و تۆزی دەهۆڵە

شایەتمانی ترسی شیرە و لنگ کردنەوەی کەنێزەیە

کێ ئەڵی بە من.. بێهەستە.. سۆزی بۆ چواردەوری نییە

من دەڵێم پرسۆزی وەك من لە دنیادا بێ وێنەیە

کفرە هەرەشەی خەڵك ئەکا پێوستیان بە دڵسۆزێکە

سوتان گورەشەی گەنم کا چارەسەری دورێنەیە.

گەر ئەتانەوی بۆ دواجار.. بێشك لە فردەوسا بژین

قۆڵی جیهادی لێهەڵکەن، خواش هەر بەوە ئاسودەیە

سەری چواردەور بپەرێنە یان گاڵ دێنێ یاخود پەمو

بێ ترس بە، گەرموئمن بەر کەوت عەمەل مولحەقی (نییە)8یە.

فەرهەنگ

(1)پەشم   :  شتێکی هیچ

(2)ئەزمە    :  تاقی کردنەوە

(3)بۆتگە    :  بۆنێکە لە ولاغ بەرز ئەیێتەوە لە وەرزی زاو و زێدا بۆ ئە مێینە راکیشی بۆ جووت بوون

(4)گونە     :  زیاد رەو ، شەقاوە

(5)فرغە    :  سەریح ، قسە لە روو

(6)پەیڤ   :گفتوگۆ

(7)هەرزە :بێ ئەزمون

(8)نییە   :  نییەت